گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper17

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/٠٩/٢٧
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٣٠
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا لەژێر ڕۆشنایی کۆچی نایاسایی

**چۆمان نامق حمد[1] - شمال حسین مصطفی[2]**

shamal.mustafa@su.edu.krd chomannamq8@gmail.com

[1،2]بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە :

کۆچی نایاسایی یەکێکە لە کێشە درێژخایەن و ئاڵۆزەکانی نێوان تورکیا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، تورکیا هەمیشە یەکێک بوە لەو وڵاتانەی کە بەهۆی پاشخانی مێژوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی توانیویەتی لە بەرامبەر هەیمەنەی وڵاتانی تردا خۆی ڕابگرێت و ململانێ بکات، ئەگەرچی تورکیا یەکێکە لەئابورییە بەهێزەکانی جیهان بوەتە بەربەست لەبەردەم یەکێتی ئەوروپا، پێگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی تورکیا وایکردوە ببێتە وڵاتێکی میحوەری لەڕوی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە واتە بەشێک لە سەرکەوتنەکانی تورکیا لەو یارییە سیاسیانەی دەیکات لەوەوە وزە لەنێوان هەمو جەمسەرە جیاوازەکان وەردەگرێت.

لە پاش بێ هیوابونی تورکیا لە ئەندامیەتی لە یەکێتی ئەوروپا هەروەها پاش ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی هاوکێشەی هەرێمایەتی بەتایبەتی پاش ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی، و تێکچونی کۆ سیستەمی سیاسی و ئاسایش لە بەشێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی سوریا و عێراق، تورکیا پەنای بردە بەر ستراتیژیەتی تازە هەم بۆ خۆپاراستن و هەمیش بۆ پەلهاویشتن، لەم نێوەندەشدا پرسی کۆچبەران یەکێک بوە لە گەورەترین کارتە فشارەکانی تورکیا بەڕوی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، هەڵبەت ئەم پرسەش لە زۆرێک لە بۆنەکانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی تورکیا-یەکێتی ئەوروپا خراوەتەڕو، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی پرسی (کۆچبەران) و ڕێککەوتننامەی پەنابەرانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا. و هەڵسەنگاندن بۆ ڕێکەوتنامەی کۆچبەرانی 2016 دەکات و دەرئەنجامی ڕێککەوتنەکە دەخەینەڕو.

**کلیلە وشەکان:** یەکێتی ئەوروپا، تورکیا، کارتی فشار، کۆچی نایاسایی

## پێشەکی:

سیاسەتی دەرەوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە لە دەرئەنجامی کارلێکی سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتان دروست دەبێ، بەگوێرەی ڕوانینی واقیعیانەو ڕادەی کاریگەربونی بە دەوروبەرە نێودەوڵەتیەکە، و بەمشێوەیەش لێکۆڵینەوە یان توێژینەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک دەبێتە ئاسانکاری بۆمان بۆ تێگەیشتن و شیکارکردنی ئاکاری دەرەوەی ئەو وڵاتە .(حتی، 1985: ص195–196)

چەند دیاریکەرێکی دەرەکی و ناوخۆیی حوکم لەسەر سیاسەتی دەرەوە دەکات، کە (ڕیتشارد سنایدەر)یش جەختی لەسەر کردۆتەوە لە ڕێگای چوارچێوە تیۆریەکەی (تیوری وەرگرتنی بڕیار) کە تێیدا هەڵساوە بە دەستنیشانکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسیاسەتی دەرەوەدا، لەشیکردنەوەکانیان چڕبوەتەوە لەسەر دەستنیشانکردنی دەوڵەت، واتە لێکۆڵینەوە لە ڕێگای چەند کەسێکی دیاریکراو، هەژمارکردنیان بە یەکێک لە لایەنەکانی نیزامی نێودەوڵەتی، جەختی لەوە کردۆتەوە کە ڕەفتاری دەرەوە دەرئەنجامی پرۆسەیەکی ئاوێتەبونە لە نێوان کۆمەڵێک دەست نیشانکراوەکان وەک دەستنیشانکردنە ناوخۆییەکان کە پەیوەستە بە ژینگەی ناوخۆی دەوڵەت، کە ژینگەی جوگرافی لەخۆدەگرێت، ئەو پێگە گرنگەی وڵات دەستنیشاندەکات. لەڕوی کەلتور و ڕۆشنبیری، ڕای گشتی، سروشتی نیزامی سیاسی، پلەی گەشەی ئابوری کە هێز بە وڵات دەبەخشێت، هەروەها دەستنیشانکراوە سایکۆلۆجی و سیاسی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوە بە گوێرەی چوارچێوەی فیکری و ئایدیۆلۆژی و هەتا کەلتوری و مێژویش. Snyder, H.W. Bruck, Spain Burton, 2005.p23:

بێگومان توێژینەوەکان لە بارەی دەستنیشانکراوەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە پێناو ناسین و زانینی چۆنیەتی کاریگەربونی دیاردەی کۆچی نایاسایی لەسەر ڕەفتاری داڕێژەرانی بڕیار لە تورکیا، چونکە پەیوەندی کاریگەر کردن و کاریگەربون هەیە لە نێوانیاندا، بۆیە دەبینین کۆمەڵێک دیاریکەر یان گۆڕاوەکان وەک گۆڕاوی سیاسی و ئاسایشی و ئابوری ڕۆڵیان هەبوە لە کاریگەربونی ڕۆڵی تورکیا لەڕوی هەرێمایەتییەوە، بەو پێیەی ناوچەیەکی ستراتیژییە و تاکو بتوانێت هەژمونی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت بەسەر ناوچەکانی تردا، و باشترین نمونەش بۆ ئەمە ڕێککەوتنی ئەوروپی-تورکییە لەبارەی کاروباری پەنابەرە سورییەکان.

## گرنگی توێژینەوە

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەماوە ڕابردودا چەندین گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە بەرامبەر یەکێتی ئەوروپا، ئەم گۆڕانکارییانەش پەیوەست بونە بە چەند فاکتەر و پرسی جۆراوجۆرەوە، ئەو گۆڕاوانە بونەتە فاکتەرێکی

گرینگ بۆ سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، چونکە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەپێی پێگە جیۆپۆلیتیکییە گرنگەکەی کاریگەرییەکەی بەسەر کۆی ناوچەکەدا جێدەهێڵێت. لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەکەمان گرنگییەکی زۆر پەیدادەکات، چونکە پرسی کۆچی نایاسایی پرسێکی جیهانی هەستیار و کاریگەرەو بەیەکێک لەو هەڕەشانە دادەنرێت کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاسایشی جیهانی.

## ئامانجی توێژینەوە

کارکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر یەکێتی ئەوروپا، ئامانجە سەرەکییەکەی ئەو توێژینەوەیە دەردەخات، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا دەکرێ توێژینەوەکە چەند ئامانجێکی دیکەی هەبێت، لە پێش هەموویانەوە تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی و ئەوروپا، پاشان زانینی قەبارەی پرسی کۆچی نایاسایی کە تورکیا لەم ڕوانگەوەیەوە بوەتە دەروازەیەکی مەترسیدار بۆ یەکێتی ئەوروپا. پاشان ئامانجێکی دیکەی ئەو توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەوڵدەدات تێگەیشتنێک دروست بکات سەبارەت بەکاریگەرییەکانی پرسی کۆچی نایاسایی لەسەر پەیوەندی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە لە ئاسۆی پرسەکەو پەیوەندییەکە بڕوانین.

## پرسی توێژینەوە

بابەتەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە گشتی و بەرامبەر یەکێتی ئەوروپا بەتایبەتی، هەمیشە چەند پرسیارێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە زۆرەی بەسەر فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر ئەو سیاسەتە دروست دەبن. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لەبەردەم چەند پرسیارێکی جەوهەریداین و پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین ولێیان تێبگەین. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی دەبێت لەوەی: ئایا پرسی کۆچی نایاسایی چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا؟

ئایا بۆچی کۆچی نایاسایی بۆتە هەرەشە بۆسەر ئاسایشی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا؟

ئایا پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا لە چ ئاستێکدایە؟

## گریمانەی توێژینەوە

لە وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەماندا گریمانەی ئەوە دەکەین کەوا پەیوەندییەکانی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا لە قۆناغە جیاوازەکاندا کاریگەر بوە بە چەندین فاکتەر، کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لێکەوتەکانی ئەو فاکتەرانە دەرکەوتونە، ئەمیش بەهۆی ئەو پێگە جیۆپۆلیتیکیەی تورکیا سەبارەت بە یەکێتی ئەوروپا هەیەتی. یەکێک لە گرنگترین ئەو فاکتەرانە پرسی کۆچی نایاساییە کە

کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر ئەو پەیوەندییانە دروست کردوە، بە تایبەت کە لەزۆربەی کاتەکاندا تورکیا ئەم پرسەی وەک کارتی فشار بۆ سەر یەکێتی ئەوروپا بەکارهێناوە.

## میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی توێژینەوەکەی (وەسفی – شیکار)یە، بۆ وەسفکردنی ئەو پەیوەندییە لەنێوان و تورکیا و یەکێتی ئەوروپا هەیە، هەروەها لە میانەی کۆچی نایاسایی هەوڵدەدەین ئەو پەیوەندییانەو ئاسۆی پرسەکە شیبکەینەوە.

## پلانی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت. لەبەشی یەکەمدا لەژێر ناونیشانی کۆچکردنی نایاسایی وەک دیاریکەرێکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، لەمیانەی چوار باسدا تیشک دەخەینە سەر گۆڕاوی جیۆسیاسی، گۆڕاوی ئابوری، گۆڕاوی سیاسی و ئاسایشی، هەروەها گۆڕاوی بیروباوەر و مێژویی. لەبەشی دوەمدا کە ناونیشانەکەی بریتییە لە ڕێککەوتنی تورکی– ئەوروپی ناوەڕۆک و هاندەرەکان، لە چەند باسێکدا هەوڵدەدەین پرسەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی– تورکی، پاڵنەرەکانی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی ـ تورکی، هەروەها دەرەنجامی ڕێککەوتنەکە، ڕونبکەینەوە.

## توێژینەوەکانی پێشو

ژمارەیەک لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی لە چەند ڕویەکەوە لەبابەتی تورکیا و یەکێتی ئەوروپا تاوتوێکراوە، هەریەکێک بەشێوەیەک تیشکی خستۆتە سەر تورکیاو یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئەم توێژینەوەیەی ئێمە جیاوازی لەگەڵ توێژینەوەکانی تر هەیە. ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە یان توێژینەوانەی تیشکیان خراوەتە سەر ئەمانەن:

**- Dokos T. (2009). Turkey and European Security. In: Arvanitopoulos C. (eds) Turkey's Accession to the European Union. The Constantinos Karamanlis Institute for Democracy Series on European and International Affairs. Springer, Berlin, Heidelberg.**

ئەمە یەکێک لەو توێژینەوانەیە لەبارەی تورکیاو کێشەی ئاسایشی یەکێتی ئەوروپاوە ئەنجام دراوە. بەپێی بۆچونەکان، وڵاتانی ئەوروپا بەشێوەی جیاواز مامەڵە لەگەڵ تورکیا دەکەن و هەوڵی دامەزراندنی دایەلۆگ دەدەن.

گومانێکی وا هەیە کە ئەو ڕێگاچارانەی کە سەرانی تورکیا هەڵیانبژاردوە، بە کۆمەڵێک ڕێگای جیاوازەوە دژ بە بەرژەوەندی وبەهاکانی یەکێتی ئەوروپی بەرەو پێش دەڕوات. ئەمەش وایکردوە هەوڵەکانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ تورکیا بەبێ واتاو بێ ئەنجام بمێننەوەو نەبنە هۆکاری چارەسەرکردنی هیچ

کێشەیەک. یەکێک لەو هەولانەی ڕابەرانی یەکێتی ئەوروپا دەیدەن ئەوەیە، کە دەیانەوێ لەگەڵ تورکیا کێشەکانی قوبرس چارەسەر بکەن وا بکەن تورکیا لەو سنورە پاشەکشە بکات، بەڵام هەوڵەکان بێ ئەنجام بوەو ڕێگای گفتوگۆ داخراوە، ئەمەش وەک خاڵێکی مەترسی بۆسەر ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا هەژمار دەکرێت، چونکە بونی تورکیا لە قوبرس و لە سنورەکانی یەکێتی ئەوروپا هۆکارە بۆ دروستبونی مەترسییەکان و نائارامبونی یەکێتی ئەوروپا. بژاردەکانی بەرگری ئەنقەرە لە بەرژەوەندی ڕوسیا یارییان کردوە نەک ناتۆ سیاسەتی دەرەوە بە سەربازی کراوە و بوەتە پێشبڕکێی دەستتێوەردان لە لیبیا مەترسی لەسەر بەرژەوەندی ئەوروپا دروستکردوە.

تورکیا هەمیشە سود لە کەیسی پەنابەران وەردەگرێت و لە دژی وڵاتانی ئەوروپی بەکاریدەهێنێت، بۆ نمونە لە ساڵی 2020 تورکیا دەرگاکان لەسەر پەنابەران دەکاتەوەو نزیکیان دەکاتەوە لە سنورەکانی یۆنان، هەتا بەشێک لە پەنابەران دەگوترێت چەکیان لە دەستبوەو بونەتە مەترسی لەسەر سنورەکانی یۆنان.

سەرکردەکانی ئەوروپا لە ئێستادا بە تەواوی لە دۆخی تورکیا هۆشیاربونەتەوە، چەندین هەوڵیان بۆ قایلکردنی سەرۆک کۆماری تورکیا شکستی هێناوە، ئەمە لەکاتێکدا چەندین ئۆفەری جۆراوجۆر خراونەتە بەردەست تورکیا بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان.

زۆرێک لە بازنە سیاسییەکانی ئەوروپا ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا لە 2023 ئەگەر ئەنجام بدرێت، گۆڕانکاری جیاواز دروستبێت، بەتایبەتی ئەگەر گۆڕانکارییەکان بەو ئاراستەیەدا برۆن، کە لێکنزیکبونەوە لەنێوان هەردو پارتی ئاکپارتی و پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا جەهەپەدا بێتە ئاراوە. بەڵام پاڵنەرێکی تری بەهێز ئەوەیە کە تورکیا ویستویەتی خۆی لە ڕۆژئاوا دوربخاتەوە کاتێک هەست دەکرێت بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مەترسیدایە، ئەمەش لەم دواییانەدا چەندین ناکۆکی جدی لێکەوتەوە: بڵاوکردنەوە و تاقیکردنەوەی موشەکی ئێس-400ی ڕوسی؛ بەرەنگاری سنورەکانی دەریایی لەگەڵ یۆنان بلۆککردنی سیاسەتی ناتۆ بۆ پاراستنی پۆڵەندا ویلایەتەکانی باڵتیک ڕێگری لە ئۆپەراسیۆنی دەریایی گاردیانی ناتۆ دەکات، کە ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە دژی هەمو لایەنە شەڕانگەرەکانی لیبیایە، جێبەجێی دەکات.

ئەو بەرانەی کە تورکیا تێیدا هەڕەشەو مەترسییە لەسەر ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا بریتین لەو ڕەهەندانە، سەربازی، دەرەوە، ئابوری، پەنابەران، بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی و بەهاکانی یەکێتی ئەوروپا، پێویستە سنورێک بۆ پەلهاویشتن و سنوربەزاندنەکانی تورکیا دابنرێت.

گومانێکی کەم هەیە کە هەندێک لە حکومەتەکانی یەکێتی ئەوروپا بەردەوام بن لە بەدواچون یان پشتگیری لە نزیکبونەوەیەکی تورکیا بکەن. ئەنقەرە تا ئێستا هەمو هەوڵەکانی خۆی بۆ دابەشکردنی حکومەتە ئەوروپییەکان خستبوەگەڕ و تۆنێکی شەڕانگێزی نائاسایی لەگەڵ فەرەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندادا بەکارهێنا.

## توێژینەوەی دوەم

-The study of: Branislav, Stanicek (2020). EU-Turkey relations in light of the Syrian conflict and refugee crisis, EPRS | European Parliamentary Research Service. Members' Research Service PE 649.327

توێژینەوەیەکە بە هاوکاری دامەزراوەی پەرلەمانی ئەوروپا لەبارەی کێشەی پەنابەران ئامادەکراوە. نزیکەی سێ ملیۆن وشەش سەد هەزار پەنابەر لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی سوریاوە لە ساڵی 2011ەوە تا ئێستا، کە بەرزترین ژمارەیە لە ناوچەکەدا، ڕویان کردوەتە تورکیا. سەرەڕای بەردەوامی پشتیوانییە مادی و مرۆییەکانی یەکێتی ئەوروپا و جیهانی، بەڵام ئەم ژمارە زۆرەی پەنابەران کە تا ئێستا ڕو لە زیادبونە، بۆتە هۆی زیاتر بونی تەنگەژەی کۆمەڵایەتی لە تورکیا. لە هەڵبژاردنی خۆجێیی ساڵی 2019دا، لەدەستدانی سەرۆکی شارەوانی ئیستەنبوڵ لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدان بە شکستێکی گەورە بۆ 'سەرۆکایەتیی ئیمپریالی' ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا هەستی پێکرا. سەرۆکی شارەوانیی نوێی ئیستەنبوڵ ئیکرام ئیمائۆغلو (پارتی گەلی کۆماری- CHP) ڕۆڵی پێشەنگی لە زەقکردنەوەی کێشەی پەنابەرانی لە تورکیادا گێڕا، ئاماژەی بەوە کرد 'خەڵک نادڵخۆشن' هەندێک لە سیاسەتمەدارانی تورک پەنابەران بە هەڕەشەیەکی ئەمنییش باسدەکەن- ئەو ڕەوتەی کە لە ئەیلولی 2019وە گەشەی کردوە، کە سوپای تورک دەستی بە ئۆپەراسیۆنی بەهاری ئاشتی کرد لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە ئامانجی ئەوەی کوردەکان لەخۆبگرێت و 'ناوچەی ئارام' دروست بکات، کە پەنابەرانی سوریا بتوانن بۆی بگەڕێنەوە. ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لە سوریا، هەروها هێرشی تورکیا بۆ ناو لیبیا و چەند کێشە جیۆستراتیژییەکانی تر، وەک ناکۆکیی کێشەی غاز لەگەڵ قوبرس، وای لە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی ئەوروپاو تورکیا کرد، کە لەڕوی پێوانە دیموکراتییەکان ڕو لە لاوازبون بکات. لە دوای کودەتا سەربازییە شکستخواردوەکەی ساڵی 2016وە، تا دێت زیاتر بەرەو خراپتر بون دەچێت و هەڕەشە دوبارەکانی ئەردۆگان کە تورکیا 'دەروازەکان بکاتەوە' و ڕێگە بدات پەنابەران لە 28ی شوباتی 2020 دا بچنە ناو یەکێتی ئەوروپا. کاتێک تورکیا سنورەکانی لەگەڵ یۆنان کردەوە، شوێنی قەیرانی نوێی پەنابەران یان کردەوەو وەڵامێکی خێرای ئەوروپای دایەوە. لەبەرامبەردا بە ئامادەبونی سەرۆکەکانی دامەزراوە سەرەکییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە یۆنان لە 2020/3/3دا، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی

ئەم دۆخە ڕەخنەییە پێکەوە خستەڕو و کاریگەری پۆزەتیڤی هەبو کە وایکرد تورکیا پاشەکشەیەکی کاتی بکات لەو کەیسەدا. ئەزمونی ڕابردو، بێگومان ئەمە یەکێکە لە کەیسە هەرە گەورەکان یان لە کارتە هەرە بەهێزەکان کە بەردەوام تورکیا وەک مەترسی و هەڕەشە پیشانی سەرانی یەکێتی ئەوروپای دەدات و ئەوانیش تا ئاستێکی زۆر لە مەترسی ئەو کارتە تێگەیشتون، بۆیە لە زۆرێک لە کێشەکانی ناوخۆی تورکیا، بەتایبەت کێشەی کورد خۆیان بێدەنگ کردوەو هیچ فشارێکی ئەوتۆ ناکەنە سەر تورکیا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەڕەشەو مەترسییەکانی تورکیا کاری خۆی کردوە لەسەر ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا.

## بەشی یەکەم: کۆچکردنی نایاسایی وەک دیاریکەرێکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر گۆڕاوە جیۆپۆلەتیکیی و گۆڕاوی سیاسی و ئەمنیی و گۆڕاوی ئابوریی وگۆڕاوی بیرباوەڕ و مێژوییی، گۆڕاوی ئابوریی بە یەکێک لە گرنگترین گۆڕاوەکان دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هەیە لەبەرامبەر یەکێتی ئەوروپا، پێگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی تورکیا وایکردوە ببێتە وڵاتێکی میحوەری لەڕوی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەوە.

### باسی یەکەم: گۆڕاوی جیوسیاسی

بێگومان پێگەی جوگرافی لەگرینگترین فاکتەرە سروشتییەکانە کە کاریگەری هەیە لەهێزی دەوڵەت و داڕشتنی سیاسەتەکانی دەرەوەو ناوەوە، هەروەها سروشتی ڕەفتارەکانی، و گرینگی ئەم جیوپولیتیکیەی شوێن و پێگەی دەوڵەت لەوەدایە کە بارودۆخی دیاریکراو بەدەوڵەت دەبەخشێت کەوڵات دەتوانێت لەبەرژەوەندی خۆی بەکاربیهێنێت بەگوێرەی توانا مرۆییەکان کە بەردەستە "فریدریک ڕاتزل" **Friedrich Ratzel** پێی وایە کە جوگرافیای سیاسی زانستی لێکۆڵینەوەی جوگرافییانەی دەوڵەتە لەڕوی سیاسەتی دەرەوە.**(سعودي، 2010: 10)** هەروەها "موسیلینی"دوپاتی ئەوەی کردەوە کە فاکتەری جوگرافی ڕۆڵی گرینگی هەیە، ئەمیش لەمیانەی ئەو وتارەی لەساڵی 1924 پێشکەشی کرد کە تێدا هاتوە و دەڵێت: "سیاسەتی دەرەوە کارێکی داهێنراونییە، بەڵام ملکەچە بۆ کۆمەڵێک فاکتەری جوگرافی و مێژوی و ئابوری. (النعيمي، 1975: 13).

پێگەی جیۆپۆلەتیکی ڕۆڵی دیاری گێڕاوە وەک دەروازەیەک لەدەروازەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، دیاریکەرێکی گرینگی ڕەفتاری دەرەوەی ئەو وڵاتەیە، کە گرینگی ستراتیژی تورکیای دیاریکردوە لەزۆربەی ڕوەکانەوە بەو پێگەی جوگرافییەی کە هەیەتی هەروەها لەتایبەتمەندیانەی هەیەتی لەڕوی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازییەوە [1]. (دني، 2014: 78)

ئەوەی جێی باسە تورکیا پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە کە بوەتە پردێکی ماوەکورت بەیەکگەیاندنی نێوان کیشوەری ئەوروپا و ئاسیا و بازنەی بەیەکگەیاندنی سێ ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوت کە لە جیهاندا ئەوانیش

قەفقاسیا و ڕۆمانیان، و ناوچەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها تورکیا کۆنترۆڵی گردەکان و ڕێڕەوە ئاوییەکانی کردوە کە دەریای ڕەش و ناوچەکانی لەلایەک و دەریای سپی و وڵاتانی دەوروبەری بەیەکەوە دەبەستێتەوەلە لایەکی ترەوە، هەروەها هێڵی گەیاندنی ئاوی جیهانی بەیەکەوە گرێدەدات، و گەروەکان هەر یەک لە بۆسفۆر لە باکوری ڕۆژهەڵات و دەردەنیل لە باشوری ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، و بە ناوەندی دەریای مەڕمەڕەدا تێدەپەڕێت، و شاری ئیستەنبول دەکەوێتە سەر بۆسفۆر بە16 میل و پانی یەک میل بەڵام دەردەنیل درێژیەکەی نزیکەی 25 میل، و پانیەکەی لە لای باکورەوە (٤_٥) میلە و لە لای باشورەوە و درێژی دەریای مەڕمەڕە یەک میلە. (جواد شرقي، 2016: 32)

هەروەها ئەوەی وایکردوە تورکیا پێگەیەکی تایبەت و ناوازەی هەبێت ئەوەیە کەوتۆتە سەر خاڵی کاری نێودەوڵەتی و کاریگەری هەیە لەسەری، و لەبەرئەوەی کەوتۆتە سەر هەردو گەروی (بۆسفۆر ودەردەنیل) ئەو توانیویەتی کۆنترۆلی ڕێڕەوی دەریاوانی کەشتیەکانی نێوان دەریای ڕەش و دەریای ناوەڕاست بکات. و تاکە دەروازەی کەشتیەکانی بولغاریا و ڕۆمانیا و ڕوسیایە بەرەو لەنگەرە جیهانیەکان. (Boniface1993: 383)

کاتێ دەڕوانینە تۆبۆگرافیای تورکیا دەبینین کە بەشی زۆری ڕوبەرەکەی بەرزاییەکانی ئەنادۆڵی پێکهێناوە کە دەورەدراوە بە زنجیرە چیاکانی (بەنتس_بنطس) کە دەکەوێتە نێوانی لەگەڵ کەناراوەکانی دەریای ڕەش کە درێژ دەبێتەوە لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات بەبەرزایی نزیکەی ٤٠٠٠م لەسەر ئاستی ڕوی دەریا. (جواد شرقي، 2016: 32)

کەواتا قوڵی تۆبۆگرافی وایکردوە جوگرافیایەکی هەمەچەشنی هەبێت لە دەشتایی و چیاو کەناری زۆری ئاو و تۆڕێکی فراوان لە ڕێڕەوە ئاوییەکان و ڕوبارە ناوخۆییەکانی یان ئەوانەی بەناویدا تێدەپەڕن و دیجلە و فوڕات، ئەمانە هەموی وایان کردوە کە ڕۆڵێکی میحوەری و کارای هەبێت لە دەوروبەری خۆیدا، کە پێگەیەکی هەرێمایەتی بەهێزیان پێبەخشیوە.

داود ئوغلولەبارەی شوێن و پێگەی جوگرافی تورکیا دەڵێت ناسنامەو شوناسی فرەڕەهەندی بەتورکیا بەخشیوە، و تورکیا شوێن و پێگەیەکی ناوازەی هەیە بەو پێیەی وڵاتێکی بەرفراوانە لەڕوی سنورەوە کەوتوەتە نێوان زەویەکی بەرفراوانەوە لەنێوان ئەفریقیاو ئەوروپا و دەکرێت بەوە پێناسەی بکەین کە سەنتەرو خاوەن ناسنامەی هەرێمی جۆراوجۆرە، تورکیا بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕوسیاو ئەڵمانیا و ئێران و میسرە، چونکە تورکیا لەڕوی کەلتوری و جوگرافی وابەستەنییە بەیەک ناوچەوە، و پێکهاتەی تورکیای فرەهەرێمی هێزێکی گەورەی پێبەخشیوە لەناوچەکەدا هەروەها لەناوچەکانی تریش، و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دەکات. (لادمي،2016: 22)

## باسی دووەم: گۆڕاوی ئابوری

بێگومان گۆڕاوی ئابوری یەکێکە لە کاریگەرترین ڕەگەزەکانی دورستکردنی بڕیاری دەرەوەی تورکیا ئەویش بەهۆی ئەوەی کە گرینگییەکی گەورەی هەیە بۆ دەوڵەت، و ئەم گرینگییە زیاتر بوە و زیادی کرد بەتایبەت دوای جەنگی سارد لەگەڵ بڵاوبونەوەی بیرو فکری پشت بەستنی ئاڵوگۆڕ و تەواوکاری و کرانەوەی ئابوری. (سبيتان، 2012: 106)

تورکیا ڕێڕەوی هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتییە، وزە لەناوچەکانی قەوقاز و کازاخستان و ئازەربایجان و جۆرجیا و عێراق بۆ ئەوروپا، کە هێڵەکانی "باکو، تبلیسی، جەیهان" بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو، و هێڵی بۆڕییەکانی قەوقاز بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی بەناو خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت، هەروەها تورکیا سامانێکی ئاوی زۆر گەورەی هەیە، کە بە کاڵایەکی ستراتیژی داهاتو هەژمار دەکرێت کە وای لێدێت لە داهاتودا وەکو نەوت بەقیمەت دەبێت، بەتایبەت کە تورکیا بەنیازە ستراتیژیەتی فرۆشتنی ئاو پەیڕەو بکات، بانگەشەی دامەزراندنی بانکی تایبەت بەو بابەتە بکاتەوە، و سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و ماسی بەڕێژەی جیاجیا هەیە لە ناوچە جوگرافییەکانی تورکیا، کە کەرتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە، و پان و بەرینی ناوچەکە و هێزی مرۆیی لە تورکیا وایکردوە دامەزراوە ئابورییە جیهانییەکان ڕو لە تورکیا بکەن و پارە و سەرمایەکی زۆر لە تورکیا وەبەرهێنان بکەن. (عبد العاصي وآخرون، 2010: 23)

بێگومان ئابوری ڕاگری هێزە لە وڵات، و هەرچەندە ئابوری وڵات بەهێز بێت و زیاتر بێت دەتوانرێت پشت بەخۆی ببەستێت و ملکەچی هێز و کاریگەرییەکانی دەرەکی نەبێت. بەڵام ئەگەر لاواز بو هەردەم پێویستی بە یارمەتی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان دەبێت، و دەبێتە شوێن کەوتوی وڵاتان لەڕوی ئابورییەوە و پاڵەپەستۆی سیاسی لەسەر دەکرێت، کە بڕیارەکانی سنوردار دەکات، تورکیا چەندین بۆڕی نەوت و گازی سروشتی بەناویدا تێدەپەڕێت لە قوقازەوە[2] بۆ ئەوروپا، هەروەها خاوەن سامانێکی ئاوی گەورەیە، کە هەردو ڕوباری دیجلەو فورات لەو وڵاتەوە سەرچاوە دەگرن، کە وادەکات بتوانێت چەندین پرۆژەی گەشەکردن دابمەزرێنێت لەسەر خاکی خۆی ئەمەش ساڵانە گەشتیارێکی زۆر بۆ خۆی ڕادەکێشێت.(لادمي، 2014: 80)

بێگومان لە قۆناغەکانی پێشوتردا ئابوری تورکیا تێکچونی بەخۆیەوە بینیبو، لە ئەنجامی کێشە و قەیرانێکدا، بەڵام لە ئێستادا بە گرنگترین و چالاکترین و گەشەترین ئابوری جیهانی هەژمار دەکرێت.

## باسی سێیەم: گوڕاوی سیاسی و ئاسایشی

مەبەست لێی ئەو ئایدیۆلۆژی یان فەلسەفە سیاسیە نیزامییەیە لە تورکیا، کە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بەدرێژەپێدەری هەژمونی دامەزراوەی سەربازی هەژمار دەکرێت بەو پێیەی ئامرازێکە لەدەستوردا هاتوە

لەساڵی 1982ز و بەبڵاوترین دەستە دێت لەدوای سەرۆکی دەوڵەت، کە ئەو ئەنجومەنە هەریەک لەسەرۆک وەزیران و سەرۆک ئەرکان، وەزیری ناوەخۆ، سەرکردەکانی سوپا ئەندامن تێیدا، و ئەم ئەنجومەنە هەر ڕاسپاردەیەک یا بڕیارێک دەربکات هەموان دەبێت پابەند بن لەجێبەجێکردن، و دەستور پێشینەی جێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردانەی کردۆتە مەنهەجی کاری دەوڵەت و حکومەت.

تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک لە سیاسەتی دەرەوە زیاتر پشت دەبەستێت بەپرسی گەورەکردنی ئامانجەکان و دەستکەوتەکان کە ئەویش لەسەر بنەمای هێزی دەوڵەت ڕاوەستاوە واتە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیک گرنگی بەوە دەدات کە دەوڵەت هەمو ئامراز و کەرەستەکان بەکاردەهێنێت بەئامانجی هێنانەدی ئەو بەرژەوەندیانەی کە مەبەستیەتی .(فرج، 2018: 157–159) تورکیا لێرەدا هەوڵدەدات سود لە بچوکترین ئامرازەکان وەربگرێت لێرەشدا ئامرازەکان بەدەست تورکیا پەنابەرانن.

سوپای تورکیا ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەری هەیە، ئێمە وای دەبینیین کە تورکیا هەوڵی داوە ئەوەش ناشارێتەوە لە بون بە ئەکتەرێکی جیهانی، بەڵام ئەمە کارێکی ئەستەمە چونکە لە تواناکانی تورکیادا نییە لە ئێستادا بەڵام ئەوەش شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە تورکیا کارەکتەرێکی هەرێمی بەهێزە بە بەڵگەی ئەوەی لە پرس و مەلەفەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سوریا و لە لیبیا و لە قەرەباغ و شوێنەکانی تریشدا تورکیا بونی هەیە هەم ئامادەبونی مەیدانی و هەم سیاسی. لە ڕاستیدا  لە گۆڕەپانی سیاسی ژمارەیەکی بەهێزە، ڕوئیایەکی جیهانی هەیە، بەڵام  بیروبۆچونی ئێمە ناتوانێت ببێتە کارەکتەرێکی جیهانی.

تورکیا هەوڵ و تەقەڵای جدی دا لەمەڕ پەرەپێدان و پتەوکردنی توانا سەربازییەکانی هاوشێوەی خەسڵەتی وڵاتە زلهێزەکان. و بێگومان وڵاتانی ڕۆژئاوا هەوڵیان داوە برەو بەئاست و توانای سەربازی تورکیا بدەن، هەروەها هاوبەشی تورکیا قبوڵ بکەن وەک هاوپەیمانێکی چالاک و کاریگەر. (حسین، 2018:475)

ئەو ڕۆڵە نوێیەی کە "**تورگوت ئوزاڵ**[3] مەبەستی بو لەژێر دروشمی (عوسمانییەتی نوێی) کەواتە تورکەکان خۆشیان تەنها هەوڵی فراوانبونی دەسەڵاتی هەرێمی دەدەن نەک جیهانی، ئەمەش واپێویست دەکات سوپا پارێزگاری لەهێز و دەسەڵاتی خوی بکات، کە ئەمەش بوە ڕێخوشکەر بۆ بەستنی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل، هەروەها ملکەچبون بۆهەژمونی ئەمەریکا، لەگەڵ تێبینیکردنی ئەوەی کە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و داگیرکردنی ئەمەریکا بۆسەر عیراق. و لاوازبونی نیزامی سیاسی عەرەبی هەمو ئەمانە وایکردوە تورکیا ببێتە هێزێکی گەورەی هەرێماییەتی وناوچەیی.(علی،2000: 18)

هەرچی گۆڕاوی ئاسایشی (ئەمنی)یە بێگومان توانا سەربازییەکان یەکێکە لە ئاماژە بنەڕەتییەکانی هێزی شاراوەی دەوڵەت لەکاتی ئاشتیدا، و گرنگترین شێوەیە کە ڕەنگدانەوەی هێزی ڕاستەقینەی دەوڵەت بێت لەسەردەمی جەنگدا، و توانای سەربازی هەر وڵاتێک وەک پێوەرێکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخە

جیاوازەکان و یەکدەگرێت لەگەڵ بڕیارە ئابوری و دبلۆماسییەکان و ئەوەی دێتە ئەنجام لەو بڕیار و ئاراستەو جێبەجێکارییە، پێوەرە ئاسایشییەکان تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوە ئابورییەکان و گواستنەوەیان، و لە دەستنیشانکردنی ئاراستەی ڕێرەوی پەیوەندی دبلۆماسیەکان. (أوغلو،2011: 48)

بێگومان هێزی سوپای تورکیا دوەم هێزە لە پەیمانی باکوری ئەتڵەسی لەدوای ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە دێت، و بەهێزترین سوپاس دێت لەڕوی قەبارە و تواناوە هەروەها لەڕوی کەلوپەلی سەربازی و ژمارەی سەربازەکانی، لەساڵی 2022 ژمارەی سەربازەکان 775 هەزار سەرباز بوە The Media Line(2021). دوای ئەوەی تورکیا بڕیاریدا ئاڕاستەی خۆی بگۆڕێت بەرەو ڕۆژئاوا، هەوڵیدا توانای سەربازی خۆی بەهێز بکات، و ئەو هەوڵەی تورکیا بۆ چەند پاڵنەرێک دەگەڕێتەوە پەیوەستە بە سەرقاڵ بونە ئەمنییەکان، کە نزیکی جوگرافی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران ئەمەی سەپاندوە بە سەریدا، هەروەها ئارەزوی ئەوەی کە بگاتە ئاستی بەرپرسیاریەتی، وەک پاسەوانێکی باڵای باشوری ناتۆ، هەروەها لە بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی لەڕوی دوژمنە تەقلیدییەکانی: (یۆنان، عێراق، سوریا ....هتد)، هەروەها ئارەزوەکانی ببێتە هێزێکی هەرێمایەتی بەهێز، و ئەمانەش پێویست دەکات لەسەر تورکیا هەردەم هەوڵی پڕچەککردن و ڕاهێنانی سوپا بدات (دني، 2014: 80-81)

بەگوێرەی ئەم ڕوانینە، سوپاش دۆخێکی بنیاتنەری جێگیر و خاوەن ئامانجی دەبێت کە مەرجەعیەتی (کەمالی) دەستنیشانی کردوە، و ئەو هێزە ئاماژەیە بۆ هەژمونی هێز لە کۆمەڵگا، و پەنادەباتەبەر کودەتا هەر کاتێک هەڕەشەی ئایین بێتە ئاراوە، و سوپای تورکیا سەرکەوتو بو لەوەی تورکیا لە دەرەوەی مەترسی و هەڕەشە سەربازییەکانی جەنگی کەنداوی دوەم و پاڵپشتیکردنی ئەنجامدانی پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل، کە ئەمەش وا دەگەیەنێت دامەزراوە سەربازییەکان سورن لەسەر خۆگونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تورکیا. (علی،2000: 22)

و سوپای تورکیا ئامادەبونی تەواوی هەیە لەسەر ئاستی سیاسی، هەرچەندە واخۆی نیشان دەدات کە دەست تێوەردانی سیاسی ئەنجام نادات و هیچ پەیوەندییەکی هەبێت بە حزب و کۆمەڵە سیاسیەکان، بەڵام لە ڕاستییدا هەرخۆی باڵا دەستە لە دەستنیشانکردنی سیاسەتەکانی تورکیا.

خاڵێکی تر هەیە جێگای ئاماژەپێکردنە کە پەیوەندی بە ڕۆڵی تورکیاوە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بەرجەستەی دەکات و ئەحمەد داود ئۆغلو نەخشەڕێگای سیاسەتی دەرەوەی بۆ داڕشتوە کتێبە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی (العمق الاستراتیجی) قولایی ستراتیژیەتی، ڕۆڵی تورکیا و پێگەی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، و ئاوێتەبونی نێوان تیۆری و پراکتیکیدا، و بیروڕای لەبارەی وڵاتەکەی لە

گۆڕەپانی نێودەوڵەتی گۆڕا بۆ بەرجەستەبونی واقع  کە ئەویش زیادبوە سەر ئەو کۆمەڵە گۆڕانکارییە جەوهەرییەی کە هەیە، هەر لەو پێشکەوتنە ئەرێنییەی کۆماری تورکیا لەگەڵ گەیشتنی حزبی داد و گەشە بۆ سەر کورسی حوکم و دەسەڵات بەسەرکردایەتی عبدالله گیول لەساڵی ٢٠٠٢ و ئەردۆغان لە ٢٠٠٣ ڕەهەندێکی نوێ دروستبو لە پێناو بەرەوپێشبردنی وڵات بەرەو چەقی ڕوداوەکان لەناوچەکەدا ئەو پێشکەوتن و بەرزبونەوەی تورکیا بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە وەک گۆڕانکاری لە ڕۆشنبیری و کەلتور و سیاسەت و کۆمەڵایەتی.(أوغلو، 2011: 17)

## باسی چوارەم: گۆڕاوی بیرباوەڕ و مێژویی

تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پشتی بە ڕەهەندی کەلتوری و ئایینی بەستوە، لەلایەکەوە دامەزرێنەری دەوڵەتی هاوچەرخ و نوێی (ئەتاتورک) پێیوابو تورکیا دەوڵەتێکی ئەوروپییە بەهۆی نزیکی شوێنی جوگرافی لە ئەوروپاوە، کەلتوری ئەوروپی بڵاوە لە کۆمەڵگای تورکی، بەڵام گەلی تورکیا کەلتورێکی دێرینی هەیە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە بە میرات بۆی ماوەتەوە کە ئەویش کەلتورێکی ئیسلامییە لەبنەڕەتدا و ناکرێت داببڕێنرێت لەو کەلتورە ئیسلامیەی لەکۆمەڵگا عەرەبیەکاندا هەیە، و تورکیا هەر لەدێر زەمانەوە هەردو شارستانیەتی هیلنیە و ئیسلامی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، تورکیا سەرکەوتو بوە لەبەکارهێنانی ڕەهەندی کەلتوری و ئایینی و هەتا شارستانیش لە سیاسەتەکانی دەرەوەیدا لەسەردەمی حکومەتی دادو گەشەپێدان لەساڵی ٢٠٠٢ەوە لە ڕێگای بنەمای سیاسەتی فرە ڕەهەندییەکان و بنەمای پرانسیپی دیالۆگی شارستانییەکان کە دکتۆر (احمد داود ئۆغلو) هەر لەگەڵ بونی بە وەزیری دەرەوە ئەو دروشمەی هەڵگرتوە، و لەمەدا ئۆغلو پشتی بەو بۆماوە مێژویی. ئەو پەیوەندییە قوڵە ئایینی و کەلتوریەی نێوان گەلی تورکیا و گەلانی دەوروبەر هەیە بەستوە، کە ناسراوە بە عوسمانیەتی نوێ، هەروەها ئەوە وایکردوە تورکیا کرانەوە بەخۆیەوە ببینێت بەرامبەر بە جیهان.(تركماني، 2019)

دەتوانرێت بوترێت فاکتەرو ڕەگەزە دەستنیشانکەرەکانی سیاسەتی دەرەکی تورکیا، داتاشینی بەرنامەو ئەجیندای سیاسەتی دەرەکی دیاری دەکەن بەپێی پێوەری بەرژەوەندی نیشتیمانی دەوڵەتی تورکیا، هەروەها بەپێی بگۆڕەکانی ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، دەوڵەتی تورکیا هەڵدەستێت بە داڕشتنی ڕوەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەشێوەیەک کە بگونجێ و هاوتەریب بێت لەگەڵ مەترسی و هەڕەشە ئەمنی و سیاسییەکانی کە لەناو ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی تورکیا گفتۆگوی لەبارەوە دەکرێت.

## بەشی دوەم: ڕێککەوتنی تورکی- ئەوروپی ناوەڕۆک و هاندەرەکان.

لە ١٨ی ئازاری ٢٠١٦ ئەنجومەنی ئەوروپا و حکومەتی تورکیا ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە لێشاوی کۆچبەران لە تورکیاوە بۆ یۆنان ئەنجامدا. ئامانجەکانی ڕێککەوتنەکە بریتییە لە شکاندنی بازرگانی

قاچاخچییەکان و پێشکەشکردنی بەدیلێک بۆ کۆچبەران بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان نەخەنە مەترسییەوە. ڕێککەوتنەکە لە نۆ خاڵ پێکهاتوە. کە دابینکردنی "میکانیزمێکی" هاوبەش بۆ سنوردارکردنی ڕۆیشتنی پەنابەران بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی تورکیاوە. لەم بەشەدا باس لەڕێککەوتنی نێوان تورکیاو یەکێتی ئەوروپا هەروەها بەندەکانی ڕێکەوتنەکە و هەڵسەنگاندنی بۆ ڕێکەوتنامەکە دەکەین.

## باسی یەکەم: ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی - تورکی

زیاتر لە ملیۆنێک کۆچبەر و پەنابەر چونەتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە لە ڕێگەی دەریاوە لە تورکیا بۆ یۆنان، لە کانونی دوەمی ٢٠١٥ەوە بەگوێرەی سەرژمێرییەکانی فەرمانگەکانی ئەو وڵاتە، کە هەر لەساڵی 2016دا ١٣٢ هەزار کەس گەیشتونەتە ئەوروپا و بە دەیان هەزاریان گیریان خواردوە لە یۆنان کە ڕێڕەوەکانی لە ڕوياندا داخست. .UNHCR. (2016)

لەبەرئەوەی ڕێژەی ئەو کۆچبەرانەی لە سنورەکانی تورکیاوە دەرچون گەیشتە ٨٠٪ تورکیا و وڵاتە ئەوروپییەکان ئارەزوی ئەوەیان هەبو کە خۆیان ڕزگاربکەن لەو بارە قورسەی کۆچبەران بەتایبەتی لەدوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی ـ تورکی و ئەم ڕێککەوتنە هەنگاوێکی گرنگ بو بۆ هەردولا بەتایبەتی لە ڕوی هەماهەنگی ئابوری و سیاسیەوە، بەڵام ئەم ڕێککەوتنامەیە بوە ئارێشەیەکی گەورە بۆ کۆچبەران بەتایبەت سورییەکان کە ئامانجی ڕێگەگرتن بو لەکۆچی نایاسایی و پشتیوانە لەکۆچی یاسایی، ئەو ڕێککەوتننامەیەی دەربارەی کۆچبەران واژۆی لەسەر کراوە لەلایەن (احمد داود ئۆغلو) کە ئەوکات سەروک وەزیران بو لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی ئەوروپی (دۆناڵد توسک) دوای ئەوەی سەرۆکایەتی دەوڵەتە ئەوروپییەکان ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی لەسەری،

شایەنی باسە ئەم واژوکردنە لە برۆکسل ئەنجام دراوە، و دەقی بەرنامەی ڕێککەوتنەکە ئامانجی ئەوە بو کە ٧٢ هەزار پەنابەری سوری کە لە وڵاتە ئەوروپییەکانن بگەڕێندرێنەوە وڵاتەکەی خۆیان و ئەم ڕێککەوتننامەیە نۆ برگە و بەندی لەخۆگرتبو کە گرنگترینیان:(European Council (2016

گێڕانەوەی هەمو ئەو کۆچبەرە نایاساییەکان کە لە تورکیاوە گەیشتونەتە یۆنان لە ٢٠ ئاداری 2016 و پرۆسەی ڕاگواستنەوەیان لە ٤ی نیسان دەست پێبکات، هەروەها دەروازەکانی تری کۆچکردن بەرەو ئەوروپا دابخرێت بەتایبەت دەروازی ئیتاڵیا و بولگاریا، و سەبارەت بەلایەنی ئەوروپی لەبەرامبەر گێڕانەوەی هەر کەسێکی سوری بە نایاسایی هاتوەتە ناو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا هەوڵدەدات پەنابەرێکی سوری بەیاسایی وەربگرێت بەو مەرجەی هیچ هەوڵی نەدابێت بەڕێگای نایاسایی بگاتە وڵاتانی ئەوروپا، و بەگوێرەی زانیارییەکان بەرزترین ڕادەی پەنابەران ناگاتە ٧٢ هەزار پەنابەری یاسایی.(الموسوي، 2016: 11)

تەنها (2740) کۆچبەر گەڕێنراونەتەوە بۆ تورکیا، ولاتانی ئەوروپا لەچوارچێوەی ڕێککەوتنەکەدا 28621 کۆچبەریان وەرگرتوە بەپێی ڕێکەوتنەکە بەڵێنیان پێدابو. کە کەمترە لەئەوەی بەڵێنیان پێدابو (المركز الأوروبي، 2021)

هەرچەندە لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەوە ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی گەیشتونەتە ئەوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە، ئەمەش بەهوی سەرهەڵدانی پەتای نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا Covid-19 بو. هەروەها پاڵپشتی دارایی **ئەنگێلا مێرکڵ**[4] ڕاوێژکاری پێشوی ئەڵمانیا بە ئەردۆغانی ڕاگەیاند کە ئامادەیە پاڵپشتی دارایی بۆ پەنابەران زیاد بکات. (Psaropoulos (2020

هەروەها ئەوروپا پەلە بکات لە گەیاندنی شایستە داراییەکان کە بڕەکەی سێ ملیار یۆرۆیە تایبەتە بە گۆڕینی ئەو پرۆژانەی کە پێداویستیە سەرەتاییەکانی پەنابەران چارەسەر دەکات بەتایبەتی سورییەکان لە بواری فێرکردن و تەندروستی و ژێرخان و دابین کردنی پێداویستیەکانی تر، و لەکاتی پابەند بونی تورکیا بە ستاندەردە ئەوروپییەکان لەسەرفکردنی ئەو بڕە پارەیەبۆ پەنابەرەکان ئەوە سێ ملیاری تر دەخرێتە سەر ئەوەی ترو دەدرێت بە تورکیا تاوەکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٧کە تەرخانکراوە بۆ پاڵپشتیکردنی پرۆژەی چارەسەرکردن و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی پەنابەرە سورییەکان لەسەر خاکی تورکیا، و ئەو پارەیە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ دەدرێت بە تورکیا (السنوار،2016)

ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی ئەوروپا وتورکیا ژمارەی هاتنی کۆچبەرانی بۆ ئەوروپا کەمکردەوە و تورکیا بەشێکی زۆری ئەو ٦ ملیار یۆرۆیەی کە یەکێتی ئەوروپا وەک هاوکاری بۆ ئەنقەرە بەپێی ڕێککەوتنەکە تەرخانکردبو، وەرگرت. هەرچەندە لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەوە ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی گەیشتونەتە ئەوروپا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە. (مهاجر نيوز، 2021)

کردنەوەی پێنج بەشی نوێی قەدەغەکراو لە ساڵانێکی زوەوە لە ڕێگای ڤیتۆوە، لە قوبرسەوە یەکێتی ئەوروپا ڕازی بو ئەو پێنج بەشە قەدەغەکراوە بکرێتەوە کە ئەویش بەشی ژمارە (٣٣)یە لە بارەی بودجەوە، لەگەڵ بەڵێندان بە کردنەوەی بەشی زیاتر بێ ئەوەی زیان بە هەڵوێستی ولاتان بگەیەنێت وەکو ئاماژەیەک بۆ دڵنیاکردنەوەی قوبرسی یۆنانیەکان. (السنوار، 2016)

هەروەها یەکێتی ئەوروپا بەمەرجی دانا کە ئەنقەرە پابەندبێت بە ستاندەردەکانی کە لە نەخشەڕێگای ئازادکردنی ڤیزای شنگن لە کۆتایی حوزەیران، و داواکاری تورکیا پەسەندکرا بە پێشکەشکردنی پاڵپشتی لە هەوڵدان لە دامەزراندنی ناوچەیەکی پارێزراو لە باکوری سوریادا و ئەم دەستەواژەیە بەناڕونی مایەوە وشەی ناوچەی پارێزراو بەرونی باس نەکراوە، بەڵکو لەپاشکۆی ڕێککەوتننامەکەدا هاتوە. (مهاجر نيوز، (2021

لێخۆشبونی هاوولاتیانی تورکیا لە ڤیزە پێویستی بە هاوئاهەنگی یاسای تیرۆر لەگەڵ ستاندارده ئەوروپییەکان هەیە و ئێستا پێناسەی تیرۆر لە تورکیا بوەتە بابەتی ڕەخنەی نێودەوڵەتی، هەروەها فراوانکردنی یەکێتی گومرگی ئەم پرسانە لە ئێستادا لە چەقبەستوییدان، ئەم خاڵانەن کە لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێنەکراون. (العرب، 2021)

و ئەم ڕێککەوتنەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ بو لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی پەنابەران چونکە زۆر گرنگە بۆ هەردولا و لاپەڕەیەکی نوێ بکەنەوە لە پەیوەندییەکانی تورکی – ئەوروپی کە توشی چەندین ئاستەنگ بویەوە لەو سالانەی دواییدا، و ئەوەی تێبینیدەکرێت هەردو لا لە هەوڵی ئەوەن هاوکاری نێوانیان بنیاتبنێنەوە لە دەروازەی نەهێشتنی کۆچبەری نایاسایی، و تێپەڕاندنی بابەتە ناکۆکی لەسەرەکان. (العربي، 2016: 3)

لە مانگی کانونی دوەمی ٢٠٢٠ گرێبەستەکە تەواو بو و یەکێتی ئەوروپا تا ساڵی ٢٠٢٢ درێژی کردەوە و بڕی ٤٨٥ ملیۆن یۆرۆی زیادەی بە تورکیا بەخشی.(Hurriyetdailynews (2021

ئەوەی شایەنی ئاماژە بۆ کردنە لەدوای ڕێککەوتنەکەوە، ژمارەی کۆچبەرانی نایاسایی کە دەچنە ئەوروپا، بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، ئەمەش بەهۆی هەوڵەکانی تورکیا بۆ ڕێگریکردن لە پەنابەران کە هەوڵی بەزاندنی سنورەکانی لە ساڵی ٢٠١٩دا بۆ ئەوروپا دەدەن. نوێنەری بالای یەکێتی ئەوروپا بۆ سیاسەتی دەرەوە و ئاسایش، جوزیب بوریل، ستایشی ڕێککەوتننامەی کۆچی پەنابەرانی ساڵی ٢٠١٦ی کرد وتی کە "ئەنجامی باشی"ی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ٢٠١٥دا ژمارەی ئەو پەنابەرانەی لە دەریای ئیجە پەڕینەوە بۆ دورگەکانی یۆنان ٨٥٦ هەزار پەنابەر بوە. دوابەدوای ئەو ڕێککەوتنە، ئەو ژمارەیە دابەزی بۆ ١٧٣ هەزار پەنابەر، پاشان دوای ساڵێک ٣٠ هەزار کەس. (TRTWORD ,2021)

تورکیا هەوڵدەدات پەیوەندییەکی باش لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دروست بکات. چونکە تورکیا خوی بە جیهانێکی فرە جەمسەری و دابەشکراو دەبینێت ئەگەر کاریگەریی ڕۆژئاوا پاشەکشە بکات. ئەمە وەک دەرفەتێک دەزانێت بۆ هەمەچەشنکردنی هاوپەیمانەکانی. (المركز الاوروبي، 2021)

تورکیا دەیەوێت ببێتە پاسەوانی سنورەکانی لەگەڵ یۆنان لە بەرامبەر پاڵپشتی دارایی. ئەوروپا دەیەوێت کەمترین ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا بپارێزێت، بەو پێیەی سەرکردەکانی یەکێتی ئەوروپا پێیانوایە دەستکاریکردنی ڕەفتاری شەڕانگێزی تورکیا بەرامبەر بە دراوسێ ئەوروپییەکانی، هاوتا دەبێت لەگەڵ نوێکردنەوەی میکانیزمی یەکێتی گومرگی نێوان ئەو دو لایەنەی کە ماوەیەکە پەکخراوە، و پێشنیارێک بۆ چوارچێوەیەکی دارایی بۆ بەردەوامبون لە دابینکردنی دارایی پەنابەرانی سوریا لە تورکیا، کاغەزی کۆچبەری بەشێکی زۆری کاریگەری خۆی وەکو موزایەدەیەک بۆ تورکیا لەدەستدا، دوای ئەوەی ولاتانی ئەوروپا

ڕێگاکانی کۆچبەری نایاساییان داخست، بەتایبەت ڕێگای باڵکان و کۆنترۆڵی سنوری توندیان وەک هەنگاریا، نەمسا، ئەڵمانیا. (العرب، 2021)

ڕێککەوتنی کۆچبەری نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا شکست دەهێنێت، ئەگەر نەتوانرێت نوێ بکرێتەوە یان ڕێککەوتنێکی تر بکرێت بۆ ئەوەی جێگەی بگرێتەوە، هەروەها پێویستە یەکێتی ئەوروپا هاوکاری بۆ کۆچبەران لە تورکیا زیادبکات، و دەست بکات بە وەرگرتنی زیاتریان. "ئەردۆغان" پێیوایە ئەگەر ئەمە ڕونەدات، ئەنقەرە دەتوانێت وەسوەسەی بۆ دروست بێت کە ڕێگە بە کۆچبەران بدات سنورەکانی ئەوروپا ببڕن وئەمە وەکو موزایەدەیەک بەکاربهێنێت، (AKI,2021)

**باسی دووەم: پاڵنەرەکانی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی ـ تورکی**

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینەسەر ئەو هۆکارانەی کە پاڵنەرن بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنامەی تورکیاو یەکێتی ئەوروپا، ئەویش پاڵنەرەکانی تورکیاو یەکێتی ئەوروپا دەخەینەڕو.

**لقی یەکەم: پاڵنەرەکانی تورکیا:** گرنگترین پاڵنەر گێڕانەوەی هەیبەت بۆ سیاسەتی فرە ئاراستە چەند فاکتەرێکی تریش هەیە ڕۆڵی هەبوە لە گەیشتن بە ڕێککەوتننامەی تورکی- ئەوروپی، و هەر لەگەڵ گەیشتنی حزبی دادوگەشەپێدان بۆ سەر حوکم لە ساڵی ٢٠٠٢، ئەنقەرە سیاسەتی فرەڕەهەندی و ئاراستەکانی پەیڕەوکردوە لەسەر بنەمای سیاسەتی (صفر مشاكل) واتە (سفرکردنەوەی کێشە) نەبونی کێشە لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکان، و کرانەوە بە ڕوی زۆربەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان لە پێناو زیادکردنی داهاتە ئابورییەکان و خزمەتکردنی بەرژەوەندی نەتەوەیی وڵات.

سیاسەتی (سفرکردنەوەی کێشە) دروشم و ستراتیژی ئیدارەی تازەی تورکیا بو کە داو ئۆغلۆ بەئەندازیاری ئەم سیاسەتە دادەنرێت لە دوای ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ کە تورکیا دەبێت ڕۆڵێکی ئەرێنی لە پەیوەندییە ئیقلیمییەکان بگێڕێت و پەیوەندییەکانی باش بکات لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا و لەسەر بنەمای سفرکردنەوەی کێشەکان واتە کێشەی لەگەڵ هیچ دارو دەستەیەکدا نەبێت تەنها گرنگی بەخۆی بدات وەکو کارەکتەرێک بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی گەورەی ئیقلیمی بەڵام **بە بیروبۆچونی ئێمە تورکیا لەو بابەتە لایداوە لە واقیع سفرکردنەوەی کێشە جێبەجێنەکراوە** لەبەر کۆمەڵێک هۆکار.

لەبەرئەوەی ڕیالیستانەیە، چونکە تورکیا کارەکتەرێکە لە ناوەندێکی هەرێمایەتی زۆر ئاڵۆز یاریدەکات، ئەم ناوەندە ئیقلیمیە کۆمەڵێک پرۆژەی ستراتیژی دژ بەیەک تێیدا گوزەر دەکات لە ئێرانە لە سعودیە، یان ئیسرائیل لە هێزە گەورەکان ڕوسیایە ئەمریکایە ئەو ناتوانێت بەس ڕۆڵی تەماشاکەر ببینێت ئەگەر کاری سفرکردنەوەی کێشەکان بێ دەبێت کۆمەڵێک نەرمی بنوێنێت و تەنها سەیری ئەوانی تر بکات، سەرباری ئەوەی تورکیا تێکەڵکێشە لە کۆمەڵێک پرس وەکو پرسی نەتەوەیی و پرسی ئاوی، دنیابینینی تازەی تورکیا

ڕۆڵی تازە ویناکردنی ڕۆڵی تازە بۆ خۆی لە ڕاستیدا لەو ناوەندە ئاڵۆز و پڕ کێشەیەدا بەر یەککەوتن هەیە لێرەدا تورکیا ناتوانێت بە تەنها پشت بە دیپلۆماسیەت ببەستێت بە نیەتێکی باش، و کۆمەڵێک پرسی تر هەیە بەتایبەتی پرسی نەتەوەیی وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکات وەکو پرسی (پەکەکە) و ئەو هێزانەی وەکو پەکەکەن ناتوانێت بێدەنگ بێت و ناتوانێت لەسەر بنەمای سفر کێشە بڕوات لە ڕاستیدا، یەکێک لە پرسەکان ئەوەیە کە دەستی خستۆتە ناو سوریا بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەتی، کەواتە واقعی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لەسەری واجب دەکات لە لایەک کە نەتوانێت پشت بە بنەمای سفر کێشە ببەستێت، و واقیعی ئەوەی خۆشی کۆمەڵێک ئامانجی هەیە لەو نێوەندەدا ئەمەش وای لێدەکات کە دوربکەوێتەوە لەو بنەمایە واقیعی ئێستاش ئەوەیە کە تورکیا دورکەوتۆتەوە لە ستراتیژیەتی سفر کێشە ناتوانێت و کارێکی ئەستەمە لە ڕاستیدا ئەمە بۆ هاوکێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بۆ خودی تورکیا و پرۆژەکانی تورکیا لە ئێستا و لە داهاتوشدا ئەم جۆرە ستراتیژیەتە هیچ سودی پێناگەیەنێت.

تورکیا پێیوایە کە ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا لە ڕوبەڕوبونەوەی قەیرانی کۆچبەرە نایاسایییەکان گێڕانەوەی حیساب و هەیبەتە بۆ سیاسەتی فرە ئاراستە لە لایەکەوە، و دوبارەکردنەوە و کاراکردنی دانوستانی بە ئەندام بونیەتی لە یەکێتی ئەوروپا لە لایەکی ترەوە، و تورکیا لە میانەی ئەو ڕێککەوتنەوە داوای کردوە هاوولاتیەکانی ببخشرێن لە ڤیزا لە کاتی گەشتکردنیان بۆ ولاتانی یەکێتی ئەوروپا، ئەو داواکاریەش لە کاتی بەستنی لوتکەی هاوبەشی لە 29تشرینی دوەمی 2015دا پێشکەشکرا، و ئەم بەندە سودی ئابوری زۆری تێدایە بۆ ئەنقەرە چونکە ٥ملیۆن کرێکاری تورکی لە ئەوروپا کار دەکەن، هەروەها ئەو لێکنزین بونەوەیە لەگەڵ ئەوروپا وەک وەلامێکە بۆ ڕەخنەکانی حزبە بەرهەڵستکارەکان کە دەڵێن حکومەتی حزبی دادو گەشەپێدان پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپا پشتگوێ خستوە، لەلایەکی ترەوە ئەنقەرە لەڕوی ئەم ڕێککەوتنەوە هەوڵی داوە بونی خۆی بسەلمێنێت وەک هێزێکی سەرەکی ناکرێت ڕۆڵی پشتگوێ بخرێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمایەتی کە لە نێویشیاندا قەیرانی کۆچی نایاساییە. (وسيلة،2019: 44)

## لقی دوەم: پاڵنەرەکانی ئەوروپا

چەندین ڕەهەند هەیە تێکەڵ بەیەکتر بونە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی تورکیا ـ ئەوروپا، کە ئێستا تورکیا بە هاوبەشێکی سەرەکی هەژمار دەکرێت لە بابەتە ئاسایشیەکانی ئەوروپا، و ناکرێت باس لە ئاسایشی ئەوروپا بکرێت بەبێ بەشداری و کاریگەری تورکیا.

هەروەها تورکیا ئەندامێکی کارای پەیمانی باکوری ئەتڵەسیە (الناتو) و خاوەن دوەم گەورەترین سوپایە لە دوای ئەمریکا لەو هاوپەیمانییە، هەربۆیە زۆربەی ولاتەکان داوا دەکەن پشت بە تورکیا ببەسترێت، لە بابەتی

کۆنترۆڵکردنی سنور و هاریکاری لە ڕووبەڕووبونەوەی قیرانی کۆچکردنی نایاسایی، کە تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین ژمارەی کۆچبەر هەناردە دەکات بۆ ئەوروپا لە ڕێگای یۆنانەوە، و زۆربەی وڵاتان پێیانوایە تورکیا ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بەرەنگاربونەوەی هەڕەشە ئەمنیەکان کە ڕووبەرووی ئەوروپا دەبێتەوە لە سەروی هەموشیانەوە هەڕەشەو مەترسیەکانی داعش، و ڕەفتارەکانی ڕوسیا لە سوریا و نیمچە دورگەی قرم، بۆیە چارەسەرکردنی ئاریشە ئەمنیەکانی یەکێتی ئەوروپا پێویستی بە هاریکاری ئەنقەرەیە. (المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، 2016، ص2)

هەروەها گەشەی ئابوریشیان ڕو لە دابەزینە، بەگوێرەی سەرژمێریەکانی ئاماری کۆمسیونی ئەوروپی، تورکیا شەشەمین گەورەترین هاوبەشی بازرگانی یەکێتی ئەوروپایە و لەساڵی ٢٠٢٠دا ٣,٦%ی کۆی بازرگانی کاڵاکانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ جیهاندا پێکدەهێنێت. لە ساڵی ٢٠٢٠دا ٣٣,٤%ی هاوردەی تورکییە لە یەکێتی ئەوروپا و٤١,٣%ی هەناردەی وڵاتەکە بۆ یەکێتی ئەوروپا بوە. کۆی گشتی ئاڵوگۆڕی کاڵا لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و تورکیا لە ساڵی ٢٠٢٠دا ١٣٢,٤ ملیار یۆرۆ بوە. هاوردەکردنی یەکێتی ئەوروپا لە تورکیا بە بەهای ٦٢,٦ ملیار یۆرۆ بوە. (European Commission,2022)

**باسی سێیەم: دەرەنجامی ڕێککەوتنەکە**

ڕێککەوتنی ئەوروپی ـ تورکی ڕۆڵی هەیە لە یەک نزیکبونەوەی زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری قەیرانی کۆچی نایاسایی کە بوەتە قەیرانێکی سیاسی ناوەخۆی زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان، هەروەها لەوانەیە سودی سیاسی و ئابوری بۆ تورکیا هەبێت کە هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ دوبارە کاراکردنەوەی داواکاری سەبارەت بە وەرگرتنی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، بەڵام بێگومان ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر کۆچبەرەکان، هەربۆیە ئەم ڕێککەوتنە ڕووبەڕوی ڕەخنەی زۆر بۆتەوە لە لایەن یاساوەران و چالاکوانانی بواری کۆچبەران و پەنابەران و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ Baird T. Radcliffe T. (2016) و تاوەکو ئێستاش چەندین بابەتی هەڵواسراو هەیە شایەنی تاوتوێکردنە سەبارەت بەڕای گشتی ئەوروپی بەهۆی دژیەک بونی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ یاساکانی ڕێکخراوەکانی ڕێکخەری بابەتی کۆچ و مافی پەنابەری لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا و پێوەرەکان و بەهاکانی ڕێککەوتنی برۆکسل لە بواری مافی مرۆڤ.Roman, Baird, and Radcliffe. 10

بێگومان ئەم بەرتەسکردنەوەی ڕێگای گەیشتنی پەنابەران بۆ ناوچەیەکی ئارام لەوانەیە ببێتە پاڵنەر بۆیان تاوەکو ڕێگای تر بگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئەوروپا و لە باکوری ئەفریقیاوە لە ڕێگای بەلەم کە ناوی لێنراوە بەلەمی مەرگ، و زۆربەی خیوەتگا سورییەکانی کە لە تورکیا هەیە لە ناوچە هەژارنشینەکانن کە کێشەی ئابوری و ئاسایش و پەروەردەو فێرکردنیان هەیە کە بوەتە ڕێگر لە ئاوێتەبونیان لەگەڵ تورکەکان و بێ

بەشکردنیان لە داهاتوێکی باشتر Okyay and Zaragoza-Cristiani,63; Simsek and Koser . Akcapar,2016: 63.

بەهۆی هەوڵەکانی تورکیاوە، ڕۆیشتنی کۆچبەرانی نایاسایی بۆ ئەوروپا بەبەراورد بە ٢٠١٥ەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە، ئەگەر هەوڵەکانی تورکیا نەبوایە تا ئێستا زیاتر لە دو ملیۆن کەس دەچونە ناو ئەوروپا. لە ساڵی ٢٠١٩دا ٤٥٥ هەزار کۆچبەری نایاسایی نەهێڵراون سنور ببڕن بەنایاسایی. لە ساڵی ٢٠٢٠ سەرەڕای سنوردارکردنی هاتوچۆ بەهۆی پەتایCovid-19 ، ئەم ژمارەیە گەیشتە زیاتر لە ١٢٢ هەزار کەس. هەمو ئەم ئامارانە زۆر بەڕونی بارگرانی لەسەر تورکیا نیشان دەدەن. تورکیا کە زۆرترین ژمارەی پەنابەران لە جیهاندا هەیە، نزیکەی 3.7 ملیون سوریمان هەیە. (الشرق الاوسط ،2021)

ئەوروپا توانی دەرگا لە ڕوی پەنابەرەکان دابخات کە تێچوی دەیان ملیار یۆرۆی بۆ بگەڕێتەوە لە جێنشینکردنیان هەروەها ئەوروپا خۆی لە ژێرباری بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە گرفت و لە دەستچونی داهاتوی منداڵەکانیان شاردەوە. (بورزق، 2019: 46)

**دەرەنجام:**

تورکیا یاریکەرێکی بەهێزی گۆڕەپانی سیاسیەو ئەم هێزەشی بەشێکی سەرەکی لە پاشخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و کولتورەکەی وەردەگرێت، هەروەها بەشێکیشی لە نزیکایەتی تورکەکان لەڕوی سنورەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا وەردەگرێت. بەڵام بەشە سەرەکییەکەی وزەی تورکیا لە چۆنیەتی وزیرەکی شێوازی یاریکردنی لەنێوان زلهێزەکانی جیهانەوەدێت، کە توانیویەتی چالاک وزیرەکانە لەنێوان ڕوس و چین و ئەمریکا سیاسەت بکات و لە یەک کاتدا –سەرەڕای ئاڵۆزییەکان- وزە وەربگرێت وخۆی بەهێز بکات.

سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە بابەتی کۆچی نایاسایی، لە ڕێگای تورکیاوە بەرەو ناوچەی پەڕینەوە (ترانزێت) بەهۆی ئەو پێگە جیۆپۆلەتیکییەی تورکیا هەیەتی و بەهۆی ئەو پێگە ئابورییەی کە هەیەتی، پردێکی کورت مەودای پێکهێناوە لە نێوان هەردو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپادا، هەروەها بوەتە پردی وشکانی هەردو کیشوەر بەیەکەوە گرێ دەدات، ئەمەش بوەتە ئەڵقەی بەیەکگەیاندن لە نێوان سێ ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوت لە جیهاندا. هەروەها بەهۆی ئەو پێکهاتە بەهێزەی تورکیا هەیەتی چ لە لایەنی ئابوری یان سەربازی یان ئاسایشی، تورکیا بەدەرکەوت و هاتە مەیدان بەتایبەتی پاش گەیشتنی حزبی دادو گەشەپێدان بە سەرکردایەتی **عبدالله گیول**[5] لە ساڵی ٢٠٠٢ ، هەروەها ئەردۆغان لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەگەر تورکیا خاوەنی ئەو هەمو پێکهاتە بەهێزانە نەبوایە بێگومان نەیدەتوانی ڕێککەوتنی ئەوروپی ـ تورکی واژۆ بکات لە ساڵی 2016، کە بە هەنگاوێکی گرنگ دێتەهەژمارکردن سەبارەت بە هەردو لا بەتایبەتی لەسەر ئاستی هاریکاری ئابوری و سیاسی، کە ئامانجیەتی ٧٢ هەزار پەنابەری سوری جێنشین بکات لە

ئەوروپا، و پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی کە بڕەکەی دەگاتە نزیکەی ٣ملیار یۆرۆ، و بەخشینی هاوولاتییە تورکەکان لە ڤیزای ولاتانی یەکێتی ئەوروپا.

تورکیا هەوڵیدا کارتی پەنابەرە نایاساییەکان بەکاربهێنێت لە بەرامبەر ڕوبەڕوبوەوەی یەکێتی ئەوروپا، و هەوڵیدا لە بەشداری پێکردنی ئەوروپا لە بەرپرسیارەتی ڕوبەرو بونەوەی قەیرانی پەنابەرە سورییەکان هەروەها هەوڵیداوە تورکیا نەکرێتە ولاتێکی داخراو و دورخراو.

هەروەها کێشەی سوریا یەکێکیتر لەو شانسە گەورانەی کە دای بە تورکیا بریتیبو لە کەیسی پەنابەرانی سوریا کە زیاتر لە 3 ملیۆن پەنابەر ڕویان لە تورکیا کرد، تورکیاش ئەمانی بەکارهێنا بە مەبەستی فشارکردنە سەر یەکێتی ئەوروپا کە یان ئەوەتا یەکێتی ئەوروپا هەمو داواکارییەکانی تورکیا جێبەجێ دەکات، یان ئەوەتا تورکیا دەرگای سنورەکانی دەکاتەوەو ملیۆنان پەنابەر ڕەوانەی ئەوروپا دەکات. ئەمە بوە فشارێکی گەورە لەسەر یەکێتی ئەوروپاو ئاسایش و ئابورییەکەی. لەلایەکی ترەوە تورکیا بەردەوام هەوڵیداوە یەکێتی ئەوروپا دابەش بکات، ئەویش بەوەی کە هەندێک لە ولاتانی یەکێتی ئەوروپی بەلای خۆیدا ڕایکێشێ، هەروها دژایەتی هەندێکی تر دەکات.

# The nature of the relations between Turkey and the European Union In the light of illegal immigration

**Choman Namq Hamad[1] - Shamal Hussain Mustafa[2]**

[1+2]International Relations, Collage of political science, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

Illegal immigration is one of the long-term and complex problems between Turkey and EU countries. Turkey always been one of the countries because of the historical background of the Ottoman Empire, has been able to resist the dominance of other countries. Turkey with one of the world's strongest economies, has become an obstacle to the European Union, turkey's geopolitical and geostrategic position has made it a regional and international country. It means that part of its success and the political games he plays derived from all its different poles.

After Turkey's disappointment with membership in the European Union, and after the rapid changes in the regional equation, especially after the events of the Arab Spring, collapse of the entire political and security system in part of the Middle East, particularly Syria and Iraq, Turkey embraced a new strategy for self-protection and spreading its hegemony. In this regard, the issue of migrants was one of the biggest card of Turkey towards the European Union. However, this issue in several occasions put on the dialogue table.

This research is an attempt to introduce the issue of migrants and the refugee agreement between Turkey and the European Union. We will present an assessment of the 2016 Migrant Agreement and the outcome of the agreement.

. **Keywords:** European Union, Turkey, Pressure Card, Illegal Immigration.

## سەرچاوەكان

اكي، (2021). مفوضية أوروبية تطالب تركيا باحترام التزاماتها بشأن المهاجرين، تاريخ الدخول:11/10 / 2022، الرابط: https://www.adnki.net/AKI/

أوغلو، أحمد داود (2011)."العمق الاستراتيجي"، ط2: قطر، الدار العربية للعلوم ناشرون، مركز الجزيرة للدراسات.

بورزق، وسيلة (2019): توظيف مسألة الهجرة غير الشرعية في السياسة الخارجية التركية تجاه الإتحاد الأوروبي، مذكرة مقدمة لنيل شهادة ماجستير، كليـــــة: الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد بوضياف – المسيلة.

ترك برس، (2015). تركيا الشريك الخامس للاتحاد الأوروبي تجاريا، تاريخ الدخول: ٥/٩ / 2022، الرابط:https://www.turkpress.co/node/11721

تركماني، عبد الله (2019).محددات السياسة الخارجية التركية، احوار المتدن البينة: 2019/6/21 ، تاريخ الدخول: 5/٥ / ٢٠٢١، الرابط: https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=193112

جندلي، عبد الناصر (2007) التنظير في العلاقات الدولية بين الإتجاهات التفسيرية والنظريات التكوينية، الجزائر: دار الخلدونية.

جواد شرقي، نهرين (2016). السياسة الإقليمية التركية لمرحلة ما بعد الحرب الباردة، ط1، بغداد، مكتب الهاشمي للكتاب الجامعي.

حتى، ناصيف يوسف (1985): النظرية في العلاقات الدولية، ط 1، بيروت: دار الكتاب العربي.

دني، إيمان (2014). الدور الإقليمي لتركيا في منطقة الشر ق الأوسط بعد الحرب الباردة، ط1، الإسكندرية، مكتبة الوفاء، القانونية.

سبيتان، سمير ذياب (2021). تركيا في عهد رجب طيب اردوغان، ط 1، عمان، الجنادرية للنشر والتوزيع.

سعودي، محمد عبد الغني (2010). الجغرافيا السياسية المعاصرة: دراسة الجغرافيا والعلاقات السياسية الدولية، ط1، مكتبة الأنجلو المصرية.

سليم، محمد السيد (1998): تحليل السياسة الخارجية، ط 2، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

السنوار، أماني (2016). هل ينجح الاتفاق التركي الأوروبي حول اللاجئين، تاريخ الدخول: ٥/١٩ / 2022، الرابط: https://bit.ly/3sLkv7V

الشرق الاوسط (2021). أنقرة تطالب بتجديد اتفاق 2016 مع الاتحاد الاوروبي بشأن المهاجرين ، تاريخ الدخول: 11/10 / 2022، الرابط: https://bit.ly/3UMenIe

عبد العاصي وآخرون، محمد (2010): تركيا بين تحديات الداخل ورهانات الخارج، ط1. قطر: دار العربية للعلوم ناشرون.

العرب، (2021). فرصة أوروبية جديدة أمام تركيا لتعديل سلوكها ، تاريخ الدخول: 11/10 / 2022، الرابط: https://bit.ly/3UMtxgC

عربي لادمي، محمد (2016)."السياسة الخارجية التركية تجاه المشرق العربي بعد الحرب الباردة المحددات والأبعاد" ماجستير علوم سياسية، تخصص علاقات دولية واستراتيجية، المركز الديموقراطي العربي، تاريخ الدخول: ٩/3 /2022 ، الرابط: https://democraticac.de/?p=41433

العربي، المركز للأبحاث والدراسات السياسية (2016). تركيا والاتحاد الأوربي: عودة التعاون من بوابة مكافحة الهجرة غير الشرعية) تاريخ الدخول: 4/1 / 2022، الرابط: https://bit.ly/3wCSRfN

علي، محمود دهام (2000)."تركيا ما بعد العثمانية الجيش مراكز القوى"، مجلة شؤون الأوسط، العدد 99.

القدس العربي، (2022). مساعي العودة ل "صفر مشاكل".. أردوغان يزور أوكرانيا والسعودية والإمارات ويستقبل بوتين والرئيس الإسرائيلي، ١١/٩ / 2022 الرابط:.https://bit.ly/4ENA7G3

لادمي، محمد عربي (2014): "التنافس التركي الإيراني على مناطق النفوذ في منطقة دولية الشرق الأوسط 1996 -2014م"، مذكرة مقدمة لنيل شهادة ماجستير، تخصص علاقات دولية، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة محمد خيضر، بسكرة.

المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات، الاتحاد الاوروبي (2021). اتفاقية بين أوروبا وتركيا، هل مازالت فاعلة؟ تاريخ الدخول: ١١/٩ / 2022 الرابط: https://bit.ly/3FZvodw

مصطفى، شەماڵ حسین 2018، سیاسەتی دەرەکی: لەگەڵ چەند نمونەیەک لەسیاسەتی دەرەکی (ئەمەریکا. ڕوسیا. ئێران. تورکیا)، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

مهاجر نيوز(2021) بعد خمسة أعوام .... اتفاقية اللاجئين بين تركيا والاتحاد الأوروبي على مفترق! تاريخ الدخول: 11/7 / 2022، الرابط: https://bit.ly/3NSQfRI

الموسوي، كاظم (2016). منحة اللاجئين في الاتفاق التركي الأوروبي، الوطن، يومية سياسة جامعة عمان، العدد 11908.

النعيمي، أحمد نوري (1975). السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، ط1، بغداد، دار الحرية للطباعة.

وسيلة، بورزق (2018-2019). توظيف مسألة الهجرة غير الشرعية في السياسة الخارجية التركية تجاه الاتحاد الاوروبي، جامعه محمد بوضياف –المسيلة، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماستر أكاديمي كلية العلوم السياسة والعلاقات الدولية.

يوسف عبد الله العدوان، طايل (2013). الاستراتيجية الإقليمية لكل من تركيا وإيران نحو الشر ق الأوسط (2002-2013)، مذكرة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط.

محمود، پيرس محمد (2017). پارتی دادو گەشەپێدان و پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی لە تورکیا (کورد بەنمونە) ، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەددین .

فرج، أنور محمد(2018). تیوری ڕیالیزم لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارییە لەبەر ڕۆشنایی تیورە هاوچەرخەکاندا، وەرگێرانی: خەلیل کەریم، ئەحمەد علي، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

Asli Okyay and Jonathan Zaragoza-Cristiani (2016). “The Leverage of the Gatekeeper: Power and Interdependence in the Migration Nexus between the EU and Turkey,” The International Spectator Italian Journal of International Affairs 51, no. 4, 59. Retrieved 9 February 2022 The Leverage of the Gatekeeper: Power and Interdependence in the Migration Nexus between the EU and Turkey: The International Spectator: Vol 51, No 4 (tandfonline.com)

Boniface, Boniface (1993). Atlas des Relation International, paris unod.

European Commission, (2022). EU trade relations with Türkiye. Facts, figures and latest developments. Retrieved 10 November 2022. EU trade relations with Türkiye (europa.eu)

European Council (2016) EU-Turkey statement. Press release, 18 March, no. 144/16. Available at: . Retrieved 26 July 2022 https://www.consilium.europa.eu/en/press/press-releases/2016/03/18/eu-turkey-statement/.

Hurriyetdailynews (2020). "EU finishes contracting $7.3 bln refugee deal with Turkey" Retrieved 20 February 2022. EU finishes contracting $7.3 bln refugee deal with Turkey - Türkiye News (hurriyetdailynews.com)

Mearsheimer J. John (2001), The Tragedy of Great power politic, New York, p101. https://samuelbhfauredotcom.files.wordpress.com/2015/10/s2-mearsheimer-2001.pdf

Psaropoulos ,John(2020) . Greece on the defensive as Turkey opens border to refugees. Retrieved 26 July,2022 from Greece on the defensive as Turkey opens border to refugees | News | Al Jazeera

Roman, Emanuella (2016): Theodore Baird, and Talia Radcliffe, "Why Turkey Is Not a 'Safe Country.Baird T. Radcliffe T. (2016)

SCHMITZ,ROB(2021).What you need to know about Germanys new chancellor and coalition government, NPRWORD, Retrieved 20 February 2022 https://www.npr.org/2021/12/08/1062130622/germany-new-chancellor-olaf-scholz-coalition-government

Snyder, H.W. Bruck, Spain Burton, (2005). Foreign Policy Decision-Making.New York.

SONNENFELD, DANIEL (2021) Turkish Army laces 1st in New Ranking of Mideast Military Strength. Retrieved 9 October 2022, from https://bit.ly/3EiiFS4

TRTWORD (2021).EU-Turkey refugee deal: Five years on. Retrieved 20 July 2022, from EU-Turkey refugee deal: Five years on (trtworld.com)

UNHCR. (2016). More than one million refugees travavel to Greece since 2015, Retrieved 26 July 2021, from https://www.unhcr.org/news/latest/2016/3/56e9821b6/million-refugees-travel-greece-since-2015.html

## پەراوێز

[1]-ڕووبەری توركیا نزیكەی 780.567 كلم[2] كە 24000كلم[2] دەكەوێتە ئەوروپا و 756.567 كلم[2] دەكەوێتە ئاسیاوە، درێژی سنورەكان دەگاتە ٢٧٥٣كم٢ لەو سنورە ٨٧٧كم لەگەڵ سوریا و٢٦٩كم٢ لەگەڵ ڕوسیا و٣٣٠كم لەگەڵ بولغاریا و٤٥٠كم٢ لەگەڵ عێراق و٤٥٤كم٢ لەگەڵ ئێران، و درێژی كەناراوەكانی ٨٣٣٣كم، لەسەر دەریای ڕەش ١٥٧٧كم و لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست ٢٧٠٥كم و لەسەر دەردەنیل ١٧٢كم و لەسەر بوسفۆر ٩٠كم و لەسەر دەریای مەڕمەڕە ٩٢٧ كم. (دني، 2014: 78)

[2]- كازاخستان، أزربیجان، جورجیا و عێراق.

[3]- خەلیل تورگوت ئۆزال، لە دایكبوی ١٣ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٧ – ١٧ی نیسانی ١٩٩٣، سیاسەتمەدارێكی لیبڕاڵی تورک بو. هەشتەمین سەرۆكی توركیایە، لە 9ی تشرینی دوەمی 1989 تا ڕۆژی كۆچی دوایی لە 17ی نیسانی 1993 سەرۆكایەتی توركیای بەڕێوەبردوە و پێش ئەوەش لە 13ی كانونی یەكەمی 1983 تا 31ی تشرینی یەكەمی 1989 وەک سەرۆک وەزیران بوە سەرۆكی پارتی دایكی نیشتمان. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٢ جێگری سەرۆک وەزیرانی توركیا بوە لە حكومەتی سەربازی بە سەرۆكایەتی بولێنت ئولوسۆ.

[4]- ئەنگێلا مێركڵ لە ٢٢ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٥ تاوەكو ٨ی كانونی یەكەمی ٢٠٢١ ڕاوێژكاری ئەڵمانیا بو. لە ئێستادا ئۆلاف شۆڵز لەو پۆستەدایە دوای ئەنگێلا مێركڵ(2021 ) NPRWORD

[*]- عبدوللا گیول لەساڵی 1950 لەشاری كایسەری لەدایكبوە، لەدوای هەڵوەشانەوەی پارتی فەزیلە لەساڵی 2001 لەگەڵ هاوڕێی خۆی ڕەجەب تەیب ئەردوغان، پارتی دادوگەشەپێدان دادەمەزرێنن. لەساڵی 2003 تاكە 2007 وەكو وەزیری دەرەوەو جێگری سەروک وەزیران كار دەكات لەساڵی 2007 دەبیتە سەرۆک كۆماری توركیا تا ساڵی 2014 جێگای ئاماژە پێكردنە لەدوای 2014ەوە هیچ پۆستێكی نییە. (پیرس، 2017: 20)